زانستی سیاسەت و بەشە هاوپەیوەندیەکانی

وەرگیڕانی: ئەمیری حاجی محەمەد بەشی یەکەم

لە کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم زانستی کۆمەڵایەتی لەفەلسەفە جیا بووەوە و ڕێگاگەلێکی سەربەخۆی گرتەبەر. کەڵەکە بوونی زۆری واقیعەتەکان جیایی و پسۆپۆری بوونی هەریەک لەو واقیعەتانەی دەخوازی. هەوڵ و کۆششی (ئۆگوست کنت) (١٨٥٧- ١٧٩٨) بۆ برەو پێدانی زانستی کۆمەڵایەتی گشتگیر، سەرکەوتنێکی بەرچاوی بەدەست نەهێنا. هەست دەکرا کە زنجیرەی دیاردە کۆمەڵایەتیەکان بەئەندازەیە پەرەسەندو بەربڵاوە، و چۆنیەتیەکانی بەجۆرێ ئالۆزە کە شیکردنەوەو شرۆڤەکردنیان لەتواناو و تەلاشی هزری تاکانەیی بەولاترە، بۆیە بۆ ئاسانی بەدوادا چوونەوەی لایەنە جیاوازەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤ، پاشان زانستی کۆمەڵایەتی سەربەخۆیش پەرەی سەند. لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکانیش لە لێکۆڵینەوەی مێژوو و فەلسەفە جیابووە وە. گەشە سەندنی زانیاری مرۆڤ لەدوو سەدەی رابردوودا، زەمینەی خوێندەوە سیاسیەکانی بەر فراوانتر کردو میتۆدی (روشا) لێکۆڵینەوەکانی ئەم زانستەی گۆراند. تاکو نیوەی سەدەی بیستەم، کەم و کوریەکانی جیابوونی زانستی کۆمەڵایەتی دەرکەوت و خویا بوو کە چاڵاکیەکانی مرۆڤ ناتوانرێ بەتەواوەتی لەیەک جوێ دابەش بکرێ. ئەندێشەو چالاکیە سیاسیەکانی مرۆڤ ناتوانرێ لەمەرجە مادیەکانی ژیان یان جیهان بینی ئەخلاقی و کۆمەڵایەتی بەجیا ببینرێ، بۆیە، ئێستاکە هەر یەکە زانستە کۆمەڵایەتیەکان بەبوونی بەکارهێنانی وتەی پسپۆری، زەمینەی چالاکی خۆی بەجۆری دیاری کردوە کەناوەندی تەواوی ژیانی کۆمەڵایەتی بگرێتەبەر. ئامانجی خوێندنەوەی هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکان یەکسانە، یانی لێکۆڵینەوەو ناسینی مرۆڤ و دامەزراوە دەستکردەکانی مرۆڤ لەکۆمەڵگە هەڵسوکەوتی زانستی سیاسەتیش لەگەڵ دیاردەکاندا، لە زانستە کۆمەڵایەتیە کانی تر جیاواز نیە. بەگوتەی (لیپست): (هیچ شێوەیەک لە هەڵسوکەوتی مرۆڤ نیە کەیەکێ لەزانستە کۆمەڵایەتیەکان تا ئەندازەیەک لەو هەڵسوکەوتە لەکۆڵیتەوە زانستە کۆمەڵایەتیەکان تەنیا لەبنەماو بینچینە و خاڵی سەرەکی رامانی جیاوازیان هەیە.) ئۆڵسۆن (mancurolsen) جیاوازیە بنەرەتیەکان لەنێوان زانستە کۆمەڵایەتیەکاندا نابەستێتەوە بەو بابەتانەی کەجێی لێکۆڵینەوەن، بەڵکو پەیوەند بەو چەمکە بۆ ماوەیە پێشینانەو شێوازە کەڵک لێ وەرگیراوەنەو دەرئەنجامە بەدەستهاتووانەوە دەزانێ. جیاوازیەکانی زانستە کۆمەڵایەتیەکان لەزۆر لایەنەوە سوود بەخشە، بەڵام ئەم زانستانە (پلە پلە لەیەکترنزیک دەبنەوە) و دژواری و بەربەستە دێرینەکان لەناو دەچن.

زانستی سیاسەت، سەرەرای سەرخۆبوون، دەبێ پەیوەندی نزیکی خۆی لەگەڵ زانستە کۆمەڵایەتیەکانی ترو لق و بەشەکانی تری زانست و مەعریفەی مرۆڤ رابگرێ. ناخ پەروەری زانستی سیاسەت لەلایەن بەرهەمەکانی تری بەشە زانستەیەکانی ترەوە کاری تێ دەکرێ. بۆیە ئێستاکە گشت لەو باوەردان کەزانستی سیاسەت تەنیا لە قەوارەی فراوانتری بەشە هاوپەیوەندیەکان دەتوانێ لێکۆڵینەوەی دیاردە سیاسیەکان بکات، ئامادەیی زانستی سیاسەت بۆ فێربوونی لق و بەشەکانی تری زانیاری مرۆڤ یەکێ لە گرنگترین بەهاکانیەتی. مێژوو، فەلسەفەی، ئەخلاق، ئابوری، ماف وراستیەکان لەخولقاندنی زانستی سیاسەت هەریەک بەشی خۆی هەبووە. لەنیوەی سەدەی نۆزدەیەم، تیۆری گەیشتە کەمالی (تکامل) (داروین) کاتێکەرییەکی گەورەی بەجێ هێشت. بایۆلۆژی (زیندەورزانی) بووە هۆی دەرکەوتنی دامەزراوە سیاسیەکان لە مێژوودا و گۆڕانکاری مێژوویی و گەیشتنە کەماڵی ئەو دامەزراوانە بووە جێی لێکۆڵینەوە، پەیدابوونی کۆمەڵ ناسی، سیاسەت ناسانی هاندا کە رووبکەنە کارلێکردنی هێزە کۆمەڵایەتیەکان لەسەر حکومەت، کۆمەڵ ناسی سیاسی، پێش زەمینەی بە بەرتری فەراهەم کرد بۆ خوێندنەوە سیاسیەکان. بەشێوەیەکی فراوان هۆکارە کۆمەڵ ناسینە کاریگەرەکان لەسەر هەڵسوکەوتی سیاسی بووە جێی لێکۆڵینەوەی شۆرشی پیشەسازی و گۆڕانکاریەکانی پاش ئەو لێژکۆڵینەوەی نزیکتری هۆکارەکان، هێزو خواستە ئابوریەکان لەسەر هەڵسوکەوتە سیاسیەکانی بەپێویست دەزانێ. گەشە سەندنی زۆری دەروونناسی کۆمەڵایەتی بووە هۆی پەیدای مەکتەبی بیردۆزی سیاسی کە هەڵسوکەوتی سیاسی لەلایەن دەروونناسیەوە لێکۆڵینەوەی لەسەر بکرێ. ئامارو سەر ژمێریەکان دەرفەتیان رەخسان تاکو هەڵسوکەوتە سیاسیەکان بەپێی پێوەرە ئەندازگرەکان و شیکردنەوەی چەندیتی تویژینەوەیان لەسەر بکرێت. خەڵک ناسی کۆمەڵایەتی، یارمەتی دەری ناسینی باشتری کێشەو کارەکانی پەیوەند بەدەسەڵاتی ئیستعماری و دژ بەیەکەنژادیەکانی کۆمەڵگا بەرەو گەشەکردنەکان، و کێشەی کۆچ کردن بوو. لەژێر کارلێکەری جوگرافیا، مەیدانێکی تایبەت والابوو کە (سیاسەتی جوگرافیایی) ناو لێ نرا (جیۆ پۆلۆتیک) (یانی بەکارهێنانی جوگرافیایی سیاسی و ئابوری لەپرسی سیاسەتی دەرەکی دەوڵەتان) بۆ لێکۆڵینەوەی پەیوەندیە نێو دەوڵەتیەکان. زانیاری مەیدانە هاوسێیەکان کەپێویستن بۆ ئەو کەسانەی بەدوای زانستی سیاسەتەوەن ، بریتین لە: ئابوری، مافی گشتی، مێژوو، دەروونناسی و کۆمەڵ ناسی. زێدەتر لەوانەی سەرەوە، مەیدانگەلێکی دیکە هەن کە بۆ سیاسەت زانان پێویستە کە وردتر لە بابەتەکان بکۆڵنەوە و وەک ئالیەتێ سوودیان لێوە وەربگرن و زانیاری کاملتر بەدەست بێنن، ئەمانەن: ئامار فەلسەفە، مەنتق و زمانناسی

A _ زانستی سیاسەت و کۆمەڵ ناسی

کۆمەڵ ناسی، زانستێکی نوێیە، بەڵام بەباوکی هەموو زانستە کۆمەڵایەتیەکانی دەزانن.(ئۆگۆست کنت)، داهێنەری ناوی (کۆمەڵ ناسی) ئەمە بەزانستێ دەزانی کە هەموو زانستی کۆمەڵگە دەگرێتەبەر. بەڵام کۆمەڵ ناسی بریتی بوو لە (زانستی بنەرەتی تەکامل و ڕێکخراوی کۆمەڵایەتی) کە بەسەراوە و چاوکی تەکامل، پێکهاتەو چالاکیەکانی کۆمەڵەوە سەرقاڵن بەوتەیەکی تر، کۆمەڵ ناسی ناسینی سەراوەو گەیشتنە کەماڵ، پێکهاتەو کارە تایبەتیەکانی گروپە کۆمەڵایەتیەکان، شێوەکانیان، یاساکان داب و نەریتەکان، دامەزراوەکان، شێوازەکانی ژیان، ئەندێشەو کارو بەشداریکردنی ئەوانە لەفەرهەنگ و شارستانیەتی مرۆڤەو هەوڵ دەدات بنەما گشتیەکانی دیاردەکان و پەیوەندیە کۆمەڵایەتیەکان بدۆزێتەوە و یاسای گۆڕانکاری و گەشەی کۆمەڵگە بەرقەرار بکات.

زانستی سیاسەت و کۆمەڵ ناسی دوو بەشی سەربەخۆن، بەڵام وابەستە بەیەک و جودایی هەڵنەگری زانستە کۆمەڵایەتیەکانن. دەتوانرێ بەشێوەیەکی گشتی ئاماژە بەجیاوازی و پەیوەندیە بنەرەتیەکانیان بکرێت. مەیدانی کۆمەڵ ناسی لەمەیدانی زانستی سیاسەت گوشاو ئاواترە کۆمەڵ ناسی زانستی هەمووان و گشتگیری کۆمەڵە.و دەوڵەت کە لەلایەن سیاسەتناسانەوە گرنگی هەیەگرنگترین دامەزراوەیە کە لەنێو جەرگەی کۆمەڵگەوە هاتووەتە دەرەوە. لەوێ کە کۆمەڵ ناسی لەگەڵ پەیدایی و چۆنیەتی هەموو دامەزراوە کۆمەڵایەتیەکاندا مامەڵەی هەیە، ڕێبازی ئەو لێکۆڵینەوەی گشتی دەوڵەتە لەلایەکی ترەوە زانستی سیاسەت لەدەسەڵات و دەسەڵاتی ڕەوای کۆمەڵگە بەشێوەی بەر فراوان دەکۆڵێتەوە. کۆمەڵ ناسی بەشێوازە ڕێکخراوە سەرەتایی و بنەرەتیەکانی کۆمەڵگەوو لایەنە سیاسی و ناسیاسیەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤەوە سەرقاڵە، لەکاتێکدا کەزانستی سیاسەت بەشێوەی ڕاستەوخۆ ڕووناکاتە هیچ یەکێ لەمانە بەڵکو بەدەستهاتووەکانی کۆمەڵ ناسی سەبارەت بە سەراوەی گۆڕانی کۆمەڵگەو سەرچاوەی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی ڕەوا پەسەند دەکات. لەلایەکیترەوە، کۆمەڵ ناسی و واقیعەتەکانی پەیوەند بەرێکخراو و چالاکیەکانی دەوڵەت لەزانستی سیاسەتەوە وەردەگرێ. کۆمەڵ ناسی دەتوانێ سوود بەخشانە لەگەڵ زانستی سیاسەتدا هاورێ بێت، پەیوەندیەکانی ئەم دوو بەشە تەنیا نزیک نین، بەڵکو لەلایەکەوە تەواو کەری یەکترن. دەتوانرێ بگوترێ کە (بیردۆزی ڕەسمی سیستەمی کۆمەڵایەتی لەشوێنێکدا کۆتایی پێ دێت کە بیردۆزی ڕەسمی سیستەمی سیاسی دەست پێ دەکات.) لەزەمینەی (حزبەکان، گروپ و ڕاگشتیەکان)دا لێکۆڵینەوەی گرنگ ئەنجامدراوە، بەڵام دەرهەنجام زۆر پرشنگدار نەگەیشتووە، بەئاوەزو ناسینی ئێمە لە بابەتگەلێکی پەیوەند بەوانەوەش شتێک زیاد نەبووە. لەراستیدا، نێوان گریمانەکان بەدەستهاتووەکان، نێوان بەرزە فڕیەکان و توانایەکان، نا هاوئاهەنگیەکی بەرفراوان هەیە. ئەم کارە بەشێوەی گشتی بەندە بەبێ توانایی چوار چێوەی چەمکی ئەم جۆرە لێکۆڵینەوانە و دەرکەوتووە کەنیاز بەبوونی بەشی ناو بڕ هەیە. کۆمەڵ ناسی سیاسی (بەشی زابستی قەدبڕە) دەخوازێ ڕێبازەکانی کۆمەڵ ناسی و سیاسی

دەرووڵ دونیا

مۆتەکە"کابوس" NIGHTMAREو سێ ڕێگەچارەسەری نوێ

سەرەتا

وەک ئاشکرایە کابوس ووشەیەکی نامۆیە لە زمانی کوردیدا، بەڵکو ئەوە ووشەیەکی عەرەبییە کە ئێمە بەکاری دێنین و ماناکەشی بۆ هەموو لایەک ڕوونە کە دەکاتە "خەوی ترسناک" کە مرۆڤ دەیبینێت. لە زۆر ووشەدان دا بۆ ووشەیەکی هاوتا بە زمانی کوردی گەڕام،دەرەنجام بۆم دەرکەوت کە "مۆتەکە" واتاکەی هەرهەمان کابوسی عەرەبی یان NIGHTMAREبە زمانی ینگلیزی و بە هۆڵەندی ئەکاتە NACHTMERRIES .

بۆیە تۆی خوێنەری هێژاش لە هەر شوێنێک لەم نووسینەی من دا ئەگەر ووشەی مۆتەکەت بەرچاو کەوت، ئەوە مەبەستم کابوسە .

پێشەکی ئەبێت کوورتە باسێک لە سەر خەو و خەون دیتن/بینین بکەین بۆ ئەوەی باشتر لە کێشەی مۆتەکە/کابوس تێبگەین. ئینجا خەو بۆ خۆی چەند قۆناغی هەیە و چۆنییەتی کارکردنی مێشکی مرۆڤ و پەیوەندی لە گەڵ مۆتەکە. دووا تر ئەتوانین زیاتر لە سەر مۆتەکە بدوێین لە بارەی : مۆتەکە چیە؟ چەند جار تووشت ئەبێت؟ چارەکانی چین؟و کاریگەری مۆتەکە چیە لەسەر مرۆڤدا، چۆنییەتی تووشبوونت و مۆتەکە و لایەنە دەروونییەکانی چین؟

بەڕاستی خەو چییە؟

ئینجا ئەوە پرسیارێکی سادە بە هزر دادێت، بەڵام لە وە زیاترە، کە بەس پرسیارێکی سادە بێت و وڵامێکی ئاسانیشی نیە. خەو /خەوتن وەک حاڵەتێکی کاتی ئاسای normal/ کە ڕوو ئەدات دەرەنجامی پشووی کۆئەندامی/جەستەی مرۆڤ کە هاوکات لە دابەزینی هۆشمەندی مرۆڤ کە ئەویش دەرەنجامی ئەوەوە مرۆڤ ئەچێتە ناو بازنە یەکی داخراو، کە ئاگای لە دوونیا نامێنێت .

-Aماوەی خەو چەند کاتژمێر دەخایەنێت؟

زۆربەی مرۆڤان نزیکەی ٣٠/٧ حەوت کاتژمێر و نیو خەویان پێویستە، بەڵام مرۆڤی وا هەیە کە ٦ کاتژمێری بەسە و ئەوەی تر ١٠ کاتژمێری پێویستە. بەڕاستی لایەنی کەم یان زیاد نیە بۆ چەند کاتژمێر خەو، باشترین پێوەر ئەوەیە کە مرۆڤ دووای خەوتن،کە هەڵستا لە خەو خۆی هەست بە تێری بکات لە خەو و خەوئاڵوو نەبێت ڕۆژی دواتر .

نە تەنیا بەرز و نزمی variabletionلە ماوەی خەو دا بە گوێرەی تەمەن جیاوازە، بەڵکولە مرۆڤەوە تا مرۆڤێکی تر جیاوازییەکی بەرچاو بە خۆیەوە ئەبینێت بە بێ ئەوەی کە هیچ ناساغییەک لە شێوەی Style خەوی مرۆڤەکەدا هەبێت یان کێشەی لە گەڵ ئەمە دا هە بێت و پێی ڕاهاتووە. ئینجا مرۆڤ چ کەم/کوورت یان زۆر/درێژماوە خەو بێت .

کەم خەوەکان وەک: کەسایەتی ناوداری جیهان : NAPOLEON BENAPRT

زۆر/درێژ ماوە خەوەکان وەک کەسایەتی ناوداری جیهانEINSTEIN :

مناڵێک کە لە ناو مناڵدانی دایکی دایە، ماوەی ٣٠/٢٣ بیست و سێ و نیو کاتژمێر ئەخەوێت یانی بەس نیو کاتژمێر نەخەوتووە. مناڵێکی نەورەس(نەوزاد) شەو و ڕۆژ ماوەی نزیکەی ١٥ کاتژمێر ئەخەوێت .

بە تێپەڕبوونی زەمان، هەرچەندە مرۆڤ بکەوێتە تەمەنەوە، ماوەی خەوی کەمتر ئەبێتەوە، ئەویش کاریگەری هۆرمۆنی MELATONINEکە مێشکی مرۆڤ خۆر درووستی ئەکات.لە کاتی بە ساڵاداچوون ئەم درووست بوون یان production ئەم هۆرمۆنە کەمتر ئەبێتەوە .

ئەم خەو درێژییە مناڵان تا تەمەنی ١٥ ساڵی دەخایەنێت. لە ئەم وێنەیە گرافیکەی خوارەوە نیشان ئەدات کە بە گوێرەی تەمەن و چوونە سەرەوەی ،چۆن خەو گۆڕانکاری بەخۆیەوە ئەبینێت. دووای تەمەن ٣٥ ساڵی ،دیسان مرۆڤ زیاتر لە ناو جێگا دا ئەمێنێتەوە هەرچەندە ماوەی خەوتنی کەم و کەمتر ئەبێتەوە کە بەراو پیربوون بڕۆیت(ساڵان تێپڕین) لە ئاکامی ئەم گۆڕانکارییانە دا هەندێک کێشەی جەستەی و دەروونی بۆ مرۆڤ درووست ئەبێت.

لە دونیای ئاژەڵ دا جیاوازییەکی یەکجار زۆر هەیە لە چاو مرۆڤ. بۆ نموونە زەرافە (giraffe) نزیکەی ٢ کاتژمێر و شەمشەمەکوێر نزیکەن ٢٠ کاتژمێر ئەخەوێت. وێنە figuur/ژمارە1

B- قۆناغەکانی خەو Dream fase

خەو و بێداری بەردەوام لە گەڵ یەکتر شوێن/ کارەکەیان ئەگۆڕنەوە. هەروەها لە پەنای ئەم ڕێکخستنە ٢٤ کاتژمێریەش دا گۆڕان لە نێوان قۆناغە جۆرا و جۆرەکانی خەو ئەبیندرێت. لە ناو نزیکەی ٩٠ خولەک ڕێکخستنەکە هەندێک قۆناغی جۆراو جۆر ، دووا بەدووای یەکتر دێن لە سەرەتای دا خەو دەست بە هەندێک هەستی خەواڵووی/لەش سستی بوون ئەکرێت، ئەم قۆناغە خۆی ئەگۆڕێت بۆ قۆناغێکی خەو لە گەڵ بێداری(تێکەڵاو). خەوەکە لێرەدا سووکە و مرۆڤ بە ئاسانی بێدار ئەبێتەوە .

قۆناغی خەوی سووک، کە سەرەتای ماوەی خەوە (cyclus)نزیکەی-10 20خولەکی پێ دەچێت، کە واتا ئەوە بە ڕاستی یەکەم " قۆناغی خەوە".ئەگەر خەڵک لە ئەم قۆناغەدا بێدار بکەنەوە، بە شێوەیەکی گشتی ئەوان ئەڵێن: خەوتبوون.! دووای ئەو قۆناغی خەو بە قووڵی دێت. لێرەدا خەوەکە گرانترە. دووای ئەم قۆناغە ، دیسان خەوەکە ئەچێتەوە بۆ قۆناغی سووک بوون،واتا ئەبێتە یەکەم ماوەی خەون دیتن/بینین-DREAM SLEEPیان بە هۆڵەندی droom-slaap .

قۆناغی خەوتن لە ماوەی خەودا RAPID EYE) (MOVEMENTSکە واتاکەی ئەبێتە خەوی کەرویشکی ، کە بزوتنەوەی چاوکان خێرا ئەبێت و هەندێک جاریش چاوەکان نیوە کراونەتەوە(لە منالاندا.(ماسوولکەکانی جەستە زۆر شل و خاو ئەبنەوەوە مرۆڤان بەس لەم قۆناغەدا خەون ئەبینن dream لە ناو پیاواندا حاڵەتی Erectionڕوو ئەدات

کاتێ REM-fase چالاکییەکی بەرچاوی مێشک هەیە، لە چاو لە کاتی بێداری دا.ئەم جۆرە بەیەکەوەبوونی ئەم دوو چالاکییەی وەک: شل بوونی ماسوولکەکان و زیادە کارکردنی مێشک لە یەک کاتدا پێی ئە ڵێن Paradoxale : sleep .

ئینجا لە بەر ئەوە ئەم قۆناغە خەوە هەروەها-REM sleepپێ ئەڵێن .کاتێ ئەم ماوەیە/قۆناغە، زیاتر خەونەکان ئەبیندرێن.

کاتێ Rem-sleep ڕیشە/ڕەگی مێشک زانیاری informationئەنێرێت بۆ هەندێک لە بەشەکانی تری مێشک، کە ئەوان لە کاتی ئاسایدا بە یارمەتی هەندێک لە بەشەکانی کۆئەندام (Senses) ئەگەیەندرێت یان ووشیار ئە کرێنەوە.ئەوە لەوانەیەک کە هۆی خەون دیتن/بینین بێت .

مرۆڤان نزیکەی چوار تا پێنج REM-periodes هەیە لە شەوێک دا، هەر کامێکیان نزیکەی ٢٠ خولەکە. زۆربەی REM-perides لە سەرەتای شەودا کوورتن و هەر چی شەو تێپەڕێت ئەوا درێژتر ئەبن.ئینجا بۆیە مرۆڤ خەونی بەرەبەیانیانی باشتر لە بیر ئەمێنێتەوە لە خەونی سەرەتای شەو .

بەشی یەکەم

گوڵاڵە پشدەری

سەرچاوە:
ماڵپەڕی گڵاوڕۆژنە

بەعس هەر بەعسە

ئینتداب و داگیرکاریەکانی دوای جەنگی جیهانی یەکەم کۆمەڵێ گۆڕانکاری بنەرەتی لەهزری نەتەوەیی خەڵکی ڕۆژهەڵاتی ناوەراست ئەنجام داو بیری چەپ بەشێوەیەکی بەرچاو لەناو بزووتنەوە ئازادی خوازەکاندا ڕەنگ دانەوەی پەیداکرد. هەر ئەو کاریەگەرییە بوو ئاسەوارەکانی مایەوە بۆ ناو ئەو حزب و ڕێکخراوانەی کە لەدوای جەنگی دووەم لەناوچەکە دروست دەبوون. حزبی بەعس کە لەساڵی ١٩٤٧ لەلایەن دەستەیەک لەنەتەوە پەرستەکانی عەرەبی ئیسلامی و نائیسلامی و لەژێر ناوێکی مۆدێرنی تێکەڵ بەفکری مارکسی، بە رابەرایەتی میشێل عەفلەق دامەزرا. سەرەتا لەدەفتەری سیاسی و لەپەیامەکانیدا بۆ جەماوەری خەڵکی عێراق و شام وا خۆی دەرخست کە هاتووە بۆ ڕزگارکردنی سەرجەم چین و تێژەکانی کۆمەڵگە لەو چەوسانەوە نەتەوەیی و جیاوازییە چینایەتییەی کە ناوچەکەی داگیرکردووە. بەڵام بەهۆی زاڵ بوونی بیری شۆڤێنی عەرەبی تاک ڕەوانە لەناو پێک هاتەی ئەو حزبە هەر زۆر زوو کاکڵەی بەرنامەکەیان ڕوون بووە وە کە ئەوان بەهیچ شێوەیەک بڕوایان بەئازادی نەتەوەو گەلانی دیکە نیەو تەنها ئامانجیشیان زاڵ کردنی فکری نەتەوە پەرستی عەرەبە بەسەر خەڵکی دیکەو دروستکردنی چەند دیکتاتۆرو داگیرکەرێکی خۆماڵییە لەناوچەکە، ئەزموونی دەسەڵاتی حزبی بەعس لەعێراق و سوریاش ڕاستی ئەو قسەیەی سەلماند. ئێستا لەدوای ڕووخانی حزبی بەعسی عێراقی و دوای هاتنە کایەوەی سیستەمی نوێی جیهان و هەنگاونانی زۆربەی دەوڵەتان بۆ چەسپاندنی بنەماکانی دیموکراتی لەسایەی عەولەمەدا، تازە بەتازە (بەشار ئەسەد) میراتگری (حافزی) باوکی کەزیاتر لە حەوت ساڵە بەزۆر کراوە بەسەرۆکی سوریا، لەریفراندۆمێکی ساختەو چاو بەستەکێیدا بەناوی دیموکراتیەوە حەوت ساڵی دیکەی سەرۆکایەتیەکەی خۆی تازە دەکاتەوە. ئەم ریفراندۆمەی بەشار وەکو ئەوەیە کوێرێک فێڵ لەچاو ساغێک بکات. ئەگینا تۆ بڵێی لەناو ئەو هەموو پیاوە سیاسی یانەی سوریادا کەسێک نەبێت بەقەدەر ئەو کورە کەم ئەزموونە شارەزابێت؟ باشە ئەگەر سەرۆکی سوریا ئەوەندە دیموکراتیە ئەی بۆچی تەنها کوردێک لەو وڵاتە ناتوانێ داوای سادەترین مافی خۆی بکات؟ دیارە هەرکەسێ بیەوێ چاو بەستەکێ بەناوی دیموکراتیەوە بکات دەبێ باجێکی گەورەشی ئامادە کردبێ.